# لابردنی گومان له سەر میراتی ئافرەتی موسڵمان

م/ : إدريس محمود

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، وبعد:

مەسەلەی میراتی ئافرەت یەکێکە لەو مەسەلانەی کە نەیارانی ئایینی ئیسلام بە حیسابی خۆیان کردوویانە بە بەڵگەی بە کەم سەیرکردنی ئیسلام بۆ ئافرەت و ڕێز لێ نەگرتنی، وە لە ڕۆژنامە و گۆڤار و تەلەفزیۆنەکانەوە بانگەشەی ئەوە دەکەن و ئەوە بە گوێی ئافرەتاندا دەچرپێنن کە ئیسلام لە مەسەلەی میراتیدا ستەمی لە ئافرەت کردووە، بێگومان ئەو کەسانە بە هەڵە تێگەیشتوون، هۆکاری ئەو بە هەڵە تێگەشتنەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو جۆرە کەسانە ئەو ئایەتەی قورئانیان بیستووە کە خوای گەورە دەفەرمووێت:

﴿يُوصِيكُمُ اللَّهُ فِي أَوْلَادِكُمْ لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الْأُنْثَيَيْنِ﴾ [النساء: ١١] .

واتە: خوا ئامۆژگاریتان دەکات لەبارەی منداڵەکانتانەوە کە بۆ نێرینە دوو هێندەی مێینە هەیە . ئیتر هاتوون ئەم ئایەتەیان کردووە بە ڕێسایەکی گشتی ( قاعدة عامة ) و بەسەر هەموو ئەو حاڵەتانەدا گشتگیریان کردووە کە تێیدا ئافرەت میراتی وەردەگرێت، بێگومان ئەم کارەیان هەڵەیەکی گەورەیە چونکە ئەو کەسانە دەبوایە سەرنجی هەموو ئەو ئایەتانەیان بدایە کە لەبارەی میراتی ئافرەتەوە دابەزیون و پاشان ئایەتەکانیان لەگەڵ یەکتردا بەراورد بکردایە، بێگومان ئەو کاتە بۆیان دەردەکەوت کە ئیسلام بە دادپەروەرانەترین شێواز بەشە میراتی ئافرەتی دیاری کردووە بە پێچەوانەی یاسا مرۆڤکردەکانەوە کە بە هیچ

شێوەیەك نەیانتوانیوە و ناشتوانن بەو شێوەیە حەقی میراتگری بە ئافرەت بدەن، بەڵام ئەو کەسانەی کە دەڵێن ئیسلام ستەمی لە ئافرەتان کردووە کەسانێکی دڵ نەخۆشن و لە بیانوو دەگەڕێن و نایانەوێ ڕاستیەکان بزانن یان دەیزانن بەڵام لەبەر مەرامی پووچی خۆیان لە خەڵکی دەشارنەوە، بۆیە ئێمەش وەکو خەمخۆرێکی ئایینی حەق و دادپەروەری ( ئیسلام ) هەوڵمان داوە لەم چەند دێڕەدا وەڵامێکی کورت و پوختی ئەو کەسانە بدەینەوە کە لە مەسەلەی میراتی ئافرەتدا ڕەخنە لە ئیسلام دەگرن، لە خوای گەورە داواکارین ڕێنموونی ئەو کەسانە بکات و لەو سەر لێ شێواوییە ڕزگاریان بکات کە تێیدا نقوم بوونە .

## حاڵەتەکانی میراتگری ئافرەت لە ئیسلامدا

خوێنەری بەڕێز: لێرەدا تەنها باسی چەند حاڵەتێك دەکەین لەو حاڵەتانە ئەمەش بۆ ئەوەی ڕوونی بکەینەوە کە نێرینە لە هەموو حاڵەتێکدا دوو ئەوەندەی مێینە نابات، بەڵکو جاری واهەیە مێینە دوو ئەوەندەی نێرینە دەبات و جاری وا هەیە بە یەکسانی میرات دەبەن و جاری واش هەیە مێینە میرات دەبات و نێرینە نایبات، بۆیە حاڵەتەکان بەم شێوەیە ڕوون دەکەینەوە:

١ . لەم حاڵەتەدا نێرینە دوو هێندەی مێینە دەبات ئەمەش کاتێك دەبێت کە پیاوێك بمرێت و تەنها کوڕ و کچ وەکو میراتگر لەدوای خۆی بە جێ بهێڵێت وەکو خوای گەورە فەرموویەتی:

﴿لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الْأُنْثَيَيْنِ﴾ [النساء: ١١].

حیکمەتەکەشی لەوەدایە کەئیسلام ڕەچاوی پێویستی هەریەکە لە نێرینە و مێینەی کردووە و هەندێك مافی بە پیاو داوە و ئەرکیشی لەسەر داناوە بەڵام ئافرەتی لە زۆر لەم ئەرکانە بەخشیوە بۆ نموونە کاتێك کچ بێت باوك یان برا بەخێوی دەکات، وە کاتێك مێرد بکات مێردەکەی بەخێوی دەکات بەڵام بە پێچەوانەوە نێرینە تاوەکو گەنج بێت دەبێ سەرمایە کۆبکاتەوە بۆ پێکەوەنانی خێزان، وە کاتێکیش خێزان پێکەوە دەنێت دەبێت بژێوی خێزان و منداڵ

بدات، ئایا لەم حاڵەتەدا دادپەروەرییە هەردووکیان وەکویەك میراتی ببەن لە کاتێکدا ئەرکی سەرشانی پیاو زۆر قورسترە وەك لە هی ئافرەت ؟.

٢ . خوای گەورە دەفەرموویێت:

﴿وَلِأَبَوَيْهِ لِكُلِّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا السُّدُسُ مِمَّا تَرَكَ إِنْ كَانَ لَهُ وَلَدٌ﴾ [النساء: ١١] .

واتە: ئەگەر مردووەکە منداڵی لە پاش بەجێمابوو ئەوە باب و دایکی (مردووەکە) هەریەکێکیان شەشیەك ( ١ / ٦ ) ی دەبەن لەوەی کە ( مردووەکە) بەجێیهێشتووە لە ماڵ و سامان .

لەم حاڵەتەدا دەبینین باوك و دایك وەکو یەك میراتی دەبەن بە بێ ڕەچاوکردنی مێینایەتی و نێرینایەتی .

٣. خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿وَإِنْ كَانَ رَجُلٌ يُورَثُ كَلَالَةً أَوِ امْرَأَةٌ وَلَهُ أَخٌ أَوْ أُخْتٌ فَلِكُلِّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا السُّدُسُ﴾ [النساء: ١٢].

واتە: ئەگەر پیاوێك یان ئافرەتێك مردوو نە باوکی هەبوو نە منداڵ و برایەك یان خوشکێکی دایك و باوکی هەبوو، ئەوە هەریەکێکیان شەشیەکی (١ /٦) ی بۆ هەیە .

لەم حاڵەتەشدا دەبینین خوشك و برای دایکی وەکو یەك میرات دەبەن ویەکسانن.

٤ . خوای گەورە دەفەرموویێت:

﴿فَإِنْ كُنَّ نِسَاءً فَوْقَ اثْنَتَيْنِ فَلَهُنَّ ثُلُثَا مَا تَرَكَ﴾ [النساء: ١١].

واتە: ئەگەر دوو ئافرەت و زیاتر بوون ئەوە دوو سێیەك ( ٢ / ٣ ) ی ئەوەی مردووەکە بەجێی هێشتووە بە میراتدەگرن .

بۆ نمونە: ئەگەر پیاوێك مرد و ژنێك و دوو کچ و برایەکی لە پاش بەجێما، میراتەکەی بەم شێوەیە دابەش دەکرێت: ژنەکەی هەشتیەك (١ / ٨) وەردەگرێت، دوو کچەکەی دوو سێیەك وەردەگرن (٢ / ٣)، برای مردووەکەش کە دەکاتە مامی کچەکان ئەوەی دەمێنێتەوە لە میراتیەکە بۆ ئەو دەبێت کە دەکاتە (٥ / ٢٤)، لێرەدا هەریەکێك لە کچەکان نزیکەی دوو قاتی مامیان وەردەگرن، واتە لێرەدا مێینە دوو ئەوەندەی نێرینە وەردەگرێت! ( فهل من مدكر ) .

٥ . ﴿وَإِنْ كَانَتْ وَاحِدَةً فَلَهَا النِّصْفُ...﴾ [النساء: ١١] .

واتـه: وه ئەگـەر كـچە ميراتگرەكـە هـەر يەكێك بـوو ئـەوە نيـوەی ميراتيەكـە هـی ئـەوە . بـۆ نمونـە: ئەگـەر ژنێـك مـردوو كچێك و مێردەكەی لە پاش بەجێما، ئەوە كـچەكە نيــوە ( ١ / ٢ ) ی ميراتيەكــە دەبات، مێردەكەشـی كـە دەكاتـە بـاوكی كچەكە چواريەك ( ١ / ٤ ) دەبات .

كەواتـە لێرەشـدا مێينـە كـە كـچێكە دوو ئەوەنـدەی نێرينەيــەك دەبـات كـە باوكيەتی .

لە پـاش باسـكردنی هەنـدێك لـە حاڵەتەكانی ميراتی ئـافرەت لـە ئيـسلامدا بۆمـان دەركـەوت كـە ئـەوەی نـەيارانی ئايينی ئيسلام پێيـان وابـوو بنـچينەيەكی گشتی ميراتگرتنـی ئافرەتـە ﴿لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الْأُنْثَيَيْنِ﴾ [النساء: ١١].

وا نييــــە و ئــــەوان بــــە هەڵـــە لێـــی تێگەيشتوون .

## ئه نجام

لێــرەدا بــە كــورتی خــشتەيەكی بيركاريانەتان بۆ دەخەينە ڕوو سـەبارەت بە ميراتی ئافرەت لە ئيسلامدا:

١ . تەنها لە چوار حاڵەتدا ئافرەت نيوەی پيـاو دەبـات لـە سـەرجەم مەسـەلەكانی ميراتدا .

٢ . لە چەندين حاڵەتدا ئافرەت و پياو بە يەكـسانی مـيرات دەبـەن وەكـو پێـشتر باسمان كرد .

٣ . لـە دە ( ١٠ ) حاڵـەت يـان زياتريـشدا ئافرەت لە پياو زياتر ميرات وەردەگرێت .

٤ . چـەند حاڵـەتێكيش هـەن كـە تێيـدا ئــافرەت مــيرات دەبــات بــەڵام پيــاوانی هاوتــای وەكـو ( خوشـك و بـرا، نـەنك و باپير) ميرات نابەن .

## كۆتايی

پاش ئەم توێژينەوە كورتە بۆمان دەركەوت كە ئايينی ئيـسلام تـەواو و بـێ هەڵەيـە و لــە هــەر لايەنێكــەوە تۆمــەتی ئاراستە بكرێـت بـە هـۆی ڕوونكردنـەوەی ئــەو لايەنــەوە كــامڵی و بێخەوشــيەكەی زياتر و زيـاتر جـێگير ( اثبات ) دەبێـت و نەيارانی ئەم دينە حەقەش تەنها ڕيسوايی و ڕوو ڕەشييان بۆ دەمينيتەوە .

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين.